# ئایا دەزانن پەروەردگارتان چی فەرمووە؟»، ووتیان: خودا وپێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن، -پێیانی فەرموو کە پەروەردگار- فەرموویەتی: «بەیانی هات بەسەر بەندەکانمدا؛ هەندێکیان ئیمانیان بە من هێنا، وهەندێکیان کافربوون -بێباوەڕبوون بە من-

لە زەید کوڕی خالید ئەلجوهەنیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژی بۆ کردین لە نوێژی بەیانی لە حودەیبیە پاش ئەوەی شەوەکەی باران باری، کاتێک نوێژەکە تەواو بوو ڕووی لە خەڵکی کرد، فەرمووی: «ئایا دەزانن پەروەردگارتان چی فەرمووە؟»، ووتیان: خودا وپێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن، -پێیانی فەرموو کە پەروەردگار- فەرموویەتی: «بەیانی هات بەسەر بەندەکانمدا؛ هەندێکیان ئیمانیان بە من هێنا، وهەندێکیان کافربوون -بێباوەڕبوون بە من-، ئەوەی ووتی: بارانمان بۆ باری بەهۆی فەزڵ وڕەحمەتی الله؛ ئەوەی ئیمانی بە من هێناوە وکافر بووە بە ئەستێرەکان، بەڵام ئەوەی کە ووتی: بارانمان بۆ باری بەهۆی ئەستێرەی فڵان وفڵانەوە؛ ئەوا کافر -بێباوەڕ- بووە بە من وئیمانی هێناوە بە ئەستێرەکان».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی بەیانی لە حودەیبیە کرد -ئەمیش لادێیەکە نزیک مەککە- پاش ئەوەی باران باری لەو شەوەدا، کاتێک سەلامی دایەوە ونوێژەکەی تەواو کرد ڕووی لە خەڵکی کرد، پرسیاری لێیان کرد: ئایا دەزانن پەروەردگارتان -عز وجل- ئەمشەو چی فەموو؟ ووتیان: خودا وپێغەمبەرەکەی دەزانن، فەرمووی: خوای گەورە -سبحانە وتعالی- ڕوونی کردەوە کە خەڵکی لەپاش باران بارین دابەش بوون بەسەر دوو کۆمەڵ: کۆمەڵێک باوەڕیان بە الله هەیە -سبحانە وتعالی-، وکۆمەڵێکی تر کوفریان کرد بە الله -سبحانە وتعالی- ؛ ئەوەی ووتی: بە فەزڵ وڕەحمەتی خوای گەورە بارانمان بۆ باری، هۆکاری باران بارینەکەی گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی خوای گەورە؛ ئەمە باوەڕی هەیە بە الله کە پەروەردگاری گەردوونە و بەڕێوەبەریەتی، وبێباوەڕە بە ئەستێرەکان. بەڵام ئەوەی ووتی: بەهۆی فڵان وفڵان ئەستێرە بارانمان بۆ باری ئەوا کوفری کردووە بە الله، وباوەڕی هەیە بە ئەستێرەکان، وئەمە کوفری بچووکە چونکە هۆکاری باران بارینەکەی گەڕانەوە بۆ ئەستێرەکان؛ واتا باوەڕی وایە خوای گەورە بڕیاری لەسەر هۆکاری شەرعی وقەدەری نەداوە بۆ باران بارین. بەڵام هەرکەسێک پێی وابێت دابەزینی باران وهتد لە ڕووداوەکانی سەر زەوی هۆکارەکەی جوڵانەوەی ئەستێرەکانە لە دەرچوون ونەمانیان و ئەوان بکەری ڕاستەقینەن ودەسەڵاتیان هەیە بەسەریاندا، ئەوا ئەمە کوفری گەورەیە.